# بەریەککەوتنی شادی

**کامیل فەخرەدین**

تۆ ئەگەر نەتەوێت لە بەرامبەرەکەت بگەیت. . یان نەتەوێت راکەی پەسەند بکەیت. . یان گرنگی بە باسەکەی نەدەیت . .... پاساو زۆرە .

تۆ ئەگەر لەگەڵ بەرامبەرەکەت لەکاتی گفتوگۆدا نەگەیشتیتە ئەنجام یان لە گفتوگۆکەتاندا تێگەیشتنێك دروست نەبوو دڵ ساردیەکت لا دروست دەبێ یان بێزار دەبیت. خۆ ئەگەر تێنەگەیشتنەکەتان کەوتە دەمەقاڵێ شەر دروست دەبێ ! یەکەم قوربانی شەریش حەقیقەتە. بۆیە لە زۆربەی شەرو دەمەقاڵێکاندا نەهێنیەکان ئاشکرا دەبێ و بن بەرە دەهێننە سەر بەرە. کەواتە کاتێ شەر دروست دەبێ کە تێگەیشتن نەما.

کەواتە زۆر بە ئاسانی دەڵێین : تۆ بڵێی ئەوانەی شەر دەکەن زمانی لە یەکتر تێگەیشتنیان تاقیکردبێتەوە ؟ یان تێگەیشتن و گفتوگۆیان هەر لە سەرەتاوە بەلا ناوەو بە شەرەوە بە ژوور کەوتوون.

ئەوانەی یەکسەر بە شەرەوە بەژوور دەکەون پێشینەیەکیان لە تێنەگەیشتنەکەدا هەیە. .... خۆ ئەگەر بێ پێشینەش بوون ئەوا بە دڵنیایییەوە دەستێك لە باگگراوندیاندا هەیە.

لە دنیای ئەمرۆدا زمانێك هەیە کەپێی دەڵێن (زمانی گفتوگۆ) خۆ ئەگەر کەسێك نەیتوانی بەو زمانە قسە بکات یان گروپێك لەو زمانە حاڵی بوونی نەبێ !

یان حزبێك هێشتا پەی بەو زمانە نەبردبێت. زۆر ئاساییە کە هەوڵدانی هەبێ بۆ خۆگونجاندن و بتوانێ ووردە ووردە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم خۆی قاڵ بکات.

ئەگەر نەیتوانی ئەمە بکات ئەوا لەبەردەم چاودێراندا دەبێتە تەنێکی نامۆ ... هەموو تەنێکی نامۆش بە گومانەوە تەماشا دەکرێن یان بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

لەئەمرۆی دنیادا ئەگەر کەسێك لەنێو کۆمەڵێکدا نەیتوانی لەباسەکەیان بگات. . یان نەیتوانی بەشداری گفتوگۆیلن بکات لەبەر دەم ئەو کۆمەڵەدا دەبێتە تەنێکی نامۆ.

ئەگەر حزبێکیش یان گروپێکیش نەیتوانی لەگەڵ هاولاَ تیەکاندا گفتوگۆی بەرامبەر بکات و بیرو باوەڕیان نامۆ بوو بەخەڵکی و خەڵك نەیتوانی لێیان نزیك ببێتەوە ئەوا دەبنە تەنێکی نامۆ .... جا بۆ ئەوەی خەڵکیش وەك خۆیان نامۆ بکەن یان هاولاَتیان وەك خۆیان بکەن بە کۆیلە و بوغزیان لا دروست بکەن و نەهێڵن سەردانی سەیرانگاکان و پارك و باخچەکان بکەن و نەیانەوێ خەلك هەست بە شادی بکات ئەوا بەکارە قێزەوەندەکان خۆیان فەرز دەکەن بەو کارانەی کە کۆمەڵگە و هەموو مرۆڤایەتی نەك دژیان دەبن بەڵکو بە نەعلەتیان دەکەن.

دەڵێن ئەگەر دوو تەن بەریەك کەوتن و روویان لەیەکتر کردو دواتر یەککرتنێك لە نیوانیاندا دروست بوو ئەوا بەو بەریەککەوتنە دەڵێن (بەریەککەوتنی شادی) ئەو شادییە بەرەو (خۆشویستنی ژیان) دەتبات و تووشی (عەشقت) دەکات. (عەشقیش) دەتکاتە مرۆڤێکی جەربەزە.

بەلاَم ئەگەر دووتەنەکە لەبەر یەککەوتنەکەدا پشتیان لەیەك کرد ئەوا بوغز دروست دەبێ بەدڵنیاییەوە بوغزیش بەرەو کۆیلە بوونت دەبا کۆیلەبوونیش بەرەو مل کەچی راتدەکێشێ . بۆیە زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم : ئەو کەس و گروپ و حزبەی کاری تۆقاندن و تەقینەوە لە شوێنی گشتی هاووڵاتیان ئەنجام ئەدات کۆیلەیەکی بەنەعلەت بووە و دژ بە (ژیان و عەشقن) دژ بە شادی (هاووڵاتیانن) .

S Friday, 05 July, 2002